# ژاڵە کلیپێك بۆ دایکی دروست دەکات



خانمە گۆرانیبێژ کورد ژاڵە لەو ماوەیە بەهاوکاری هونەرمەند تاراجاف چەند گۆرانییەکی نوێ تۆمار دەکەن.
هونەرمەند ژاڵە کە خەڵکی سەقزی رۆژهەلاتی کوردستانە لەگەڵ هونەرمەند تارا جاف کە ئەویش خەڵکی باشووری کوردستانە لەو ماوەیە بەهاوبەشی بە ئامێری چەنگ کە گۆرانیەکی نوێیان لەستۆدیۆی موزیسیەنی لەندەن تۆمار کرد. دایکی ژاڵە ماوەی ساڵێکە بەهۆی نەخۆشی گیانی لەدەستداوە، بۆیە ژاڵە وەك وەفایەك بۆ دایکی ئەو گۆرانییەی بەنێوی (دایە گیان) تۆمار کردو ئێستاش خەریکی ئەوەن ئەو گۆرانیە بکەنە کلیپ و بەمزووانە بلاویبکەنەوە، هۆنراوەو ئاوازی گۆرانیەکە هی ژاڵە خۆیەتی و مۆسیقای گۆرانیەکەش لەلایەن تارا جافەوە دانراوە.